# رامانگەلێك لە " سكاندیناڤیا: دوورگەیەكی تر لە بخوور"

**حەمید كەشكۆلی**

شیعری هەندرێن هەمیشە پرسگەلێكی چەتوون لەمەر شیعر، مەرگ، ژین، وجوود، ئیلتزام وهتد... دەورووژێنێ. ئەم شیعرانە لەسەر هەمان هەوا وفەزای"دوانویژەكانی چیا" * و" سەفەری مەحال"** وین، بەلام بەرەوتیكی خیراو شەفافتر.

شیعرەكانی ئەم كۆمەلە، فەزاسازییەكی بەرهەلداو سۆراغ دەكەن، جاروباریش بەرەو ئاسانی وەردەچەرخێن بۆ ئەوەی سیمای دەوروبەرمان كە لە ناو وەهم ومایەپووچی، دلتەنگی وئێشدا دەگەوزێ ودەقی بەستووە ، بنوێنێ:

***{ بە مووە هەلوەریوەكانی پرچمان، ئەو مووانەی كە بە ئارەقەی توورەیی دۆران، چارەنووس***
***جاجالۆكەی پێدەچنیەوە _ لەناو بۆشاییە خەستەكاندا نادیاریی دەیلووراند وچاومان لە تەماشای یەكتردا دەمەیین.***
***با..ش بێ روخسەت كرمی جاجالۆكەی خەونەكانی بەسەر تەرمەكاندا بەش دەكرد} .***

ئا لێرەدایە دەروازەكانی مەلەكووتی سكاندیناڤیامان بۆ ئاوالادەكاتەوە وئێمەش لە دوویدا ، هەركەس بە مەشخەلی ئازادی، ئالای ئینسان وپیرۆزی شیعرەوە دەچینە ژووریو " هەورەكان كیژی ئاسمان بوون، كازیوەش خەونی پێیانەوە دەبینی" ...

هەروەهاش لە وشەكانی ، قەلا، بەهەشت، ئەستێرە وپێمەورە دروست دەكەین و لە نێو ئەم دوورگەیەدا دەمانگەرێنێ و

***" ئا لێرەدا ! بالندەی بینایی سەرگۆمەزیی یادوەریی لە شەقەی بال دەدەن و بازنەیی بەژیر بناری ئاسماندا بەناو كەپری هەورەكان رەتدەبن ، هەتا لە بیستنی نالەی زەوی، تۆئاسا بە تەنی یەقینییەت رانەكرێن" .***

پێبەندی هەندرێن بە كێشەی ئینسان وئازادی وی ، دەهیلێ سەرەتا، سەرەتای مە، لە شتە باشە كۆنەكانەوە نەبینێ، بەلكو ئەم سەرەتایە لە توخونكەوتنی شتە رەزاگرانەكانی حالی حازردا ببینێ، بۆیە وێنەی شاعیری كۆلنەدەری تاسەر و هەتاهەتایی بە خۆ دەنوێنێ وقەت هێدی نابپتەوە ، یان بۆی پالناداتەوە خۆشییەكانی رابردووی دێرین یان وەهمەكان بە خۆشیی مێژوو كاوێژ بكات.. هەروەكو كەسێكە بە شاخێكی راست هەلدەزەنێ، زناری ژێر خۆی وئەویتری بەردەم خۆی دەبینێ بەلام هەر سەردەكەوێ ورابردووش زیزی ناكات ولەمپەرێكی لەبەردەم دانانێ هەر ئەوەندە پەلەپۆی ئاژاوە بۆ ئێستاكە.. . ئەگەر دەگاتە لوتكە وبەسەر تەواوی دیمەنەكە دەروانێ، هەموو خەم وپەژارەی، هەر دەرد و ئێشی ئینسانەكانە.

هەندرێن لە وەسوەسەی نامۆیی و لەخۆنامۆییدا بەسەردەبا و بە پاكی ئەڤین ومندالیی وتەنیایی كە دژی فیتنەی واقیعی ماشینی یە، رووبەرووی فەزای ژەهراوی دەبێتەوە. لە دنیای ماشیندا ئەڤینی فەزایی وی گریمانەیە ، واتە بێ واقیعییەتە. كاتێك ئەڤین فەزایی بێت، دیارە هیچ واقیعییەتێك لە ئارادا نامینێ:

*( زارۆکایەتیش پووش وفەریکە گەنمێک بووا\ خۆری نیوەرۆیەکی پەرکەمدار هەلیقرچاند\ دەمنادەمێ بەناو بەهەشتی ساختەی رابردوومدا دەرفێنم،\ هەورێک بە نینۆکە رەشەکانی دەست لە ناوکم دەنێو\ بایەکی تووره قاچەکانم تل دەکاتەوە و بە جێم دێلێ).*

شاعیرمان هەمیشە شلەژانی لە شیعردا هەیە. لە ژینگەیەی بە بێتونگ وپۆلا ئابلۆقە دراوە، هاوارەکانی پەلەقاژەیەکی ئازادن لە قوولاییدا، کەچی زۆرتر وتونگتر پەلەقاژەی لە دەڤەرێکی تاریک وجەللاددا گیری خواردوەتەوە.

هەندرێن سۆز و ئەندێشەی خۆی بە زمانە دانسقەکەی باش گرێ دەدا وتێکەویان دەپێچێ. شیعرەکەشی شیعری وێناندنە درەوشاوەکانە:

*( ئەم خەونەش لەگەلتا رێدەکا، وەک سۆراغ و ورێنەکانی نامۆیی ورەهای شەهوەتی ماسییە پەراگەندەکانی ناخ\ لە وێلییەتی پەرتبوودا رادەکەی، بە گوناهکارییکانی ، کشومات، سێبەرەکانی خۆت دەکوژی: نامرن!*

*ئەو خەنە پیرەش وەک شەقامی بیزاری، نە گۆرە و نە تەرم) .*

هەمیشەش لەسەر لێواری هەلدێردایە. رێک لەبەردەم شلەژانە قوول وکوشندەکاندا کە هەردەم روحی وی بەرەو شلەژانێکی زۆرتر پەرت دەکەن. روحی وی ئاسایش ودلنیایی وسوکنایی لەدەست داوە، یان هەر نەیبووە. لەسەر ئەم بابەتەش هێندێک شاعیری کلاسیکمان لێیان دواون، بەلام _ بەرای من _ ئەم نەبوونەی ئاسایش ودلنیایی وسوکناییە لەلای ئەو، بوونی ئاسایش ودلنیایی وسوکنایی یە لەلای زۆر کەسان لە خەلکی هاکەزایی کە ئەم شتە ساویلکەیان پێخۆشە:

*( منیش عەدەمی سەبوورئاسا وەک جمک لەگەل ماوە کوێرەکاندا هاتین وخۆم لە گۆشەکانی تاراوگەیەکدا، بە برۆیە لێک گرێدراوەکانی وپیرییەتە بە پێکەنیناویە دابەشکراوەکەی، زنجیری سەگە شازادەکەی لە توونێلی تەنیاییە لم لێنیشتووەکاندا رادەکشا.*

*کاتیش لە تەکمان ژنانە بە دەستی ئاسنین وهەنییەی لۆچاوییەوە، ئەم لاواندنەوەی دەمبەست دەکرد، کە جوانێتی بە سەر گیانەلاکانی جوانی خۆیەوە دەیهۆنیەوە) .*

ئایا هەندرێن بۆچی شیعر دەلێ؟ ئەوە پرسیارێکە لەوانەیە هێندێ کەس نتوانێ وەرامی داتەوە، یان هێزێکی نادیار یالی پێوەدەنێ ، یان دەیەوێ هەست بە بوونی خۆی بکات .. یاخود وەلامەکەی تەنیا لای خۆی دەمێنێتەوە، ب*لام ئەم وەرامە هەرچی بێت ، هونەر ، بەشیعریشەوە، برای من ، هەلدانێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت یان ئامانجێک کە قەت کۆتایی ناتیەت.

گەیشتن بە پەیژە بێهوودەیی یە. چونکە عارفێک ، کە هەندرین عارف نییە، بیەوێ بە پلە وپەیژە بگاتە حەقیقەت، قەت نایگاتێ. وەسلی حەبیب پلە وپەیژەی بۆ نییە. دەپەریتەوە هەر لە جێی خۆتی وەکو رۆژ .. وەکو خدری زیندە .. وەکو زەردەشت .. پلەکان کیهەن؟ چین؟

حوکەمای تەسەوف پلەیان رسکاندووە تاکو بگەنە حەقیقەت کەچی نەگەیشتن وتەنیا توانیان خۆیان بدۆزنەزە. بەلام ئەوەی وەسلی حەقیقی لە وەسلی کازیب جیادەکاتەوە هەمان پەرینەوەیە کە لە ناخدا دەبێ وئەمەش بنەمای هەموو وەسلەکانە وهەموو هونەرەکان. ئەوەی لە روحی حەقیقەت ولە روحی هونەر نیزیک بێت هەر ئەم پێوەندییە بێواسیتەیەیە، واتا گەرانەوە بۆ "ناخ" و، لەبەر ئەوەی هەندرێن هەمیشە

دەیەوێ بگەڕێتەوە "ناخ" هەرگیز ئەم کارەی براوە نابێ وزۆر چەتوونە وهەر لە مەترسیدایە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنی ئەم لە مەترسیدابوونە دەبێ هەردەم مەترسی بنوێنێ وخۆی لێ رزگار کات بە پەرینەوە بە رێگەی ناوەکی دا:

*( نامۆیی دەبێ بە لوورە وهەنگاوەکانیشم لە خۆم جیادەینەوە تەمەنم دەکەمە پەیژە لە ماوە تاریکەکانی مێژوو دەروانم \ بە قورگی زەوی هاوار دەکەم، وەلامم نادەیتەوە.*
***با دەنگم دەرفێنێ وکاتیش لەسەر روحمدا شەختە دەگرێ) .***

تێرامان لە مەرگ وژین بەردی بناغەی دنیای شیعری هەر شاعیرێکە، بەلکوو دەتوانم بلێم ئەو پێوانە ودە وتەرازووە هەستیارەیە کە قوولایی شاعیر وگشتگیری قەسیدەکەی پێ دەپێورێ... دوو تای ئەو هاوکێشەیەی کە تێیدا بەسەر دەبەین، واتا _ مەرگ وژین_ چوارچێوەی فەلسەفییانەی بیرۆکەی هونەرە بە هەموو وێنەکانییەوە. ململانێی ئەم هاوکێشەیەش وردەوالەی چرو‌پری ژیانمان کتومت بەرجەستە دەکات ونموونەکانی ژیانمان پێکدێنێ وئەفسانەکەی ساز دەکات .
ململانێی " مەرگ لە نێو ژین" ، ململانێی " ژین لە نێو مەرگ" هەمیشە دوو بالەکەی داستانی مێژووی ئینسانی بوون... گۆشەنیگای روانین بەو دوو بالە پێوەری توانای بەهرەی هونەری دەربرینی ئینسانیەتە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا. بەهرەکەی هەندرێن توانای چوونە نێو ئەم داستانە دانسقەیەی هەیە و بەوەی کە ویژدانمان دەولەمەند وگەشبینمان دەکات دامان دەنێتە بەر ژین کە بریتییە لە مەگیش، بێئەوەی مەرگ بریتی لە ژین بێت، بۆ لای ئێمە دەگەڕێتەوە.
هێندێ جاریش شاعیرەکەمان ناچار دەبێ قەوارەی نەمان بە جۆرێک دارێژێ هەروەک نەمانی کاول کردبێت.
هەلبەتە ئەوە ئینسانە کە دەتوانێ ئێشی بەرایی وسەرەتایی مرۆڤایەتی پەنجەنیشان بکات. ئەرکی شاعیر پەنجەدانانە بەسەر ئێشی هەوەل ودوایی مرۆڤایەتی کە لە وجوودی خۆیدا لە سەدەمی مێژوویی شیعریدا وێنەی تاکیەتی خۆی وەدیهێناوە:

***( لە نێوان شەهید نەبوون ونەمردن وژیاندا \ پاشماوەی خەونەکان \ل دەدەمەوە، تا تەنیایی نیشتمانێکی بێ مێژووم بۆ ئاوەدان بکاتەوە کە وێرانیەکان لە بیریان چوو بە مەرگ دیلی بکەن، چرایەک لە خەونەکان دەخەمە دەست مێژوو \ تا بەسەر مەرگی خۆیدا کوێرانە وێرانییەکان جێنەهێلێ \ تەرمەکان لەسەر رستەی بادا بە مۆمیای هەلدەواسم \ تا خواوەندەکان ساتمەی لێ بکەن وجاغی بالندەکان، ئەو بالندانەی تا ئێستاش نەگەیشتن، لە مانگرتنی زەویدا پەشیمان نەبنەوە.)***

با بێینە سەر باسێک کە هەردەم سەرئێشەی بە دواوە بووە وهەیە، ئەویش مەسەلەی ئیلتزانە لە شیعر، لێرەدا لە رانانی ئەم کۆمەلە شیعرە بە دەرفەت دەزانم رای خۆم سەبارەت چۆنییەتی ئیلتزامی هەندرێن ورەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا دەربرم:
یەداخەوە ئێمە لە شیعردا ، لە بەرەکانی تری ژیانشدا، تووشی ئاسانکاری وساکاری بووین. لە مێژە شیعر هەرچی بە هوتاف ودروشمتر بێ باشتر بووە.. بۆ ئەو کەسانەی سەروکاریان بە سیاسەت یان کوردایەتیەوە هەبووە وهەیە ، کێشەکانی سیاسەت وکۆمەل زۆر نرخیان هەبوە وهەیە.. شیعری مولتەزم هەمیشە لەکن وان

دروشمی سیاسی وکۆمەلایەتی بووە، واتا هەر کەس شیعرێکی گوتبێت وخەلکی سەرگەرمتر کردبێت، ئەو شیعرەی بەباش لەقەلەم دراوە، ئەم هەویرەش ئاوی زۆر دەکێشێ ئەگەر بێێن بە تێروتەسەلی باسی لێبکەین؛ بەلام تێگەیشتنی راست ودروستمان بۆ ژیان دەستەبەری وەلامدانەوەی دروستە بۆ کێشەکانی ژین کە شیعریش رەگێکی وزەبەخشی ئەم ژیانەیە.

زۆر کەس نارازین گوایا هەندرین بێ ئیلتزامە، هەر خەمی خۆی دەربریوە وهیچی بەیەر کەسانی ترەوە نییە! نارازی بوونێکی نابەجێیە، ئەگەر زیاد نەرۆم. لە شیعرەکانیدا دەبینم کیشەی مرۆڤی ئێمە وکۆمەلی بە جوانی رەنگ دەداتەوە، بێ ئەوەی دروشم بەرز کاتەوە. کاتێ باس لە پرۆژەی ترس دەکات وامان پێدەلێ ئەو ترس وخەفەقانەی ئینسانی ئێمەی وەزالە هێناوە، نایەوێ پشت گوێ بخات، بەلکو لە شیعرەکانیدا وەک هێلێک شوینەواری هەیە، لەمانەشە تا ماوەیەکی دوورتر ، کە ناتوانم حوکمی کۆتایی بدەم، ئەم شیعرانە بخوینینەوە و هێشتا هەمان کاریگەرییان هەبێ کە ئێستاکەش هەیانە. هەشن گلەیی دەکەن کە لە شیعرەکانی حالی نابن. بەراستیش، بۆ رەتدانەوەی ئەم باگەشانە چی دیکەم پێ نییە لەوە بەولاوە بلێم کە ئەمەش گرفتی خۆمانە کە نامانەوێ ئەم جۆرە شیعرانە کەشف بکەین.
شیعر لەلای ئەو، نەلاهووتە ونە قوتابخانەش، ئەگەر وابوایە دەبوو بە دارێکی وشکی بێ گول تونانەت ئەگەریش بە چرا و زێوەری جێژنیش برازنریتەوە.. نە فۆرمە ونە ناوزەرۆک، نە وشەیە و نەماناش، نەکێشە وریتمیش.. بەلکو خەونە، خەونی پەتی ورووت، خەونێکی بزۆز، لێل دیارە... وەزعەکانی تێکچرژاون بەلام پڕ نەشئە و سەحالییە.. شیعرەکانی ، هەموو شیعرەکانی قەسیدەیەکن کە ئەزەکەی خۆی تێدا تواوەتەوە.
کێشەی ئیلتزامی ناخی، ئەوەی هەندرێن پەیرەوی دەکا ، لە روانگەی من، دەبێ لە هەمان گۆشەنیگاوە بسەنگێنرێ.
کەسێک تا زەمانێک لە ناخەوە هەست بە ترس نەکات توانای دەربرینی نابێ. کەسێک لەراست کۆمەلی خۆی خەمساربێت ، ناتوانێ ئەو کۆمەلە بو وێنە بکات. هەندرێن زۆرتر لەسەر ئەم ئیلتزامە ناخییە دەروا. واتا نابێ ئێمە بپین ساختەچییانە شتێک بلێین وساختەچییانەش قسەیەک بکەین تەنیا بۆ دلرازیکردنی ئەوانی تر:

*( ئەو دلە راوکێیەی نێوان خواوەند، ناتەبا وئەهریمەنە پەیماندار ومەزدایە پەیام تراویلکەییانە، بەهاڤرکییە کەرەسەکانم بۆ کۆتایی یەکی نیوەچل کۆتا دێنم، لە خۆم دەبرینگێمەوەو بە پێکەنینێک هێلە خاوبووەکانب دنیا رادەچلەکێنم. لیدەگەرێم رەنگی شادمانی وتروسکایی مەلەکوت بۆ ناو ئەو گۆشانەی روح کە من بە نازانم دۆشداماو دەکەن پەلکێش بکەن.*
*ئەو شەرەش بە سێرەگرتن وبە ئاراستە خوینتێزاوەکانی مەرگم لێ بە ئاگا دێنێ.)*

شاعیرێک کاتێ دەشێ شیعری باش بلێ ئەگەر لە پێشدا لەگەل خۆی راستگۆبێت،ئەگەر لەگەل خۆ راستگۆ بێت ئەم راستگۆییەی بۆ ئێمەش رادەگوێزێ، ئەگینا وەکوو ئەوەیە لە گۆرەپانەکاندا لەگەل هەندێک چەکدار دانیشێ یان راوەستێ پێیان بلێ ، بۆ نموونە، وەرن لێرەدا یان لەوێ گومرگێک دامەزرێنین یان فلانەکەس خاینە وتابووری پێنجەمە بیکوژن، وەک ببێتە راپۆرتلێدەر دژی خەلکی، واتا ، شیعرەکەی ، ئەگەر شیعریش بێت ، تا ئەو جیگەیە زیاتر بر ناکات.

ئەدەبی راستی ، برینەکانی ئەزەل وئەبەد لە خولگەیەکی مێژوودا جێگر دەکا. ئەدەبی جیددی ، یەتایبەتی شیعر، وەک خوداوەندەکانی ئوستوورەکانی میزوپۆتامیاو گریگ وئێران ، خاوەنی دووالیزمی بەدیعی یە.. باشی وخراپی، ئەبەدی وکاتیی ، ئەمانەش هەموویان لە حالەتی ئامێزەبوون و دەستەویەخەدان لەگەل یەکدی، سەرکەوتنی یەکجارەکیش قەت دیار نییە. ئەم کێشە ناوەکییەش دەگوێزرێتەوە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆی. ئیتر زمان ئالۆز دەبێ، دارشتن ئالۆز دەبێ، سلختمانە شیعرییەکەش ئالۆز.... بۆیە ئەم ئالۆزییەش بەدیعی یە کە لە شیعری هەندرێن دا رووبەرووی دەبینەوە.

مەسەلەی وێنەکان لەم کۆمەلەشیعرەدا دەستەویەخەمان دەبنەوە، دەبینم لە شیعرەکاندا کێشی ناوەکی ، فۆرمی ناوەکی وهارمۆنی هەیە. مۆسیقای دەنگەکانی دەرەکیش ، هەیە وبە گوی دەیبیسین. و مۆسیقای دەنگەکانی ناوەکی هەیە و بە ناخە دەیبیسین.

لە ناو ئەم کۆمەلە شیعردا ، لە نێو مەملەکەتی توور، لە دووی خۆم دەگەرێم.. دەمەوێ روخساری خۆم لە ئاوێنەی شاعیردا ببینم.. لە نێو ئەم دوورگە بخوورەدا ، مالێک یا دالدەیەک بۆ خۆم سۆراغ دەکەم، ناشزانم بۆم دەلوێ یان شاعیر خۆشی لەگەلمدا لە دەرگا دەدا ولەم دەشتەدا لە سەرما هەلدەلەرزین؟ !

بۆیە ئەم کۆمەلە شیعرە تام و چێژێکی تازەی هەیە کە خوینەری کورد پێی رانەهاتووە .. ئەوەورێنەی ئێمەیە، گەرانمانە لە دووی خۆمان، تێیدا خەم ودەرد و نیگەرانی وغایەلە وفەزاکانی ئینسانی دەخوێنینەوە وهەر لێرەدا چراکانی شیعر مێرگوزارێکە لە نێوەراستی ئەم زەویە قاقرەی جیهانە. بەلێ وایە، ئەوە شیعرە کە چاوەکانی هەندرێن هەلدێنێتەوە، جۆرە شیعرێکی گرگرتوو کە هەمیشە لە خۆلەمیشەکەیەوە گردەسێنێتەوە و بیرە بیرلێکراوەکانیش بە جێدێلێ.

مالمۆ \ سوید
**1996**

------------------------------------------------------------

دوو کۆمەلە شیعری دیکەی شاعیرن. ** ; *

بۆخوێندنەوەی بابەتەکانی تری "حەمید کەشکۆلی" کلیکی ئێرە بکەن

بۆخوێندنەوەی بابەتەکانی تری "هەندرێن" کلیکی ئێرە بکەن